## له کەرکوک و سلیمانیەوە بۆ لەندەن و تۆرنتۆ
## یەکەمین خۆپیشاندانی سەرتاسەری بۆ
## خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بەرپا دەکرێت

شانزە ساڵە کۆمەڵگای کوردستان، چەند ملیۆن لە دانیشتووانی ئەم وولاتە،لە چاوەڕوانیدا بە دیار ئایندەیەکی نادیارەوە ڕاگیراون. پاش چەندین دەیە لە سەرکوت و بێ مافی، جەنگ و کوشتار، لە بێ خانە و لانە بوون و ئاوارەیی و ئەنفال و کیمیا باران، پاش خەباتی بێ ووچان وقوربانی دانی چەند نەوە لە پێناوی ئازادی و کۆتایی هێنان بە ستەم و هەڵاواردن، لە پاش جەنگی ساڵی 1991ەوە ئایندەی خەڵکی کوردستان کرایە بارمتەی سەرکەوتنی ئەمریکا لە سیاسەتە شەڕخوازیەکانیدا.

لە سایەی ئەو سیاسەتەدا بۆ ماوی زیاتر لە 12 ساڵ کوردستان بووە کەمپێکی ئاوارەیی و لە پاش داگیرکردنی عیراقیشەوە سیاسەتی ئەمریکا لکاندنەوەی کوردستان بووە بە عیراقێکی عروبی ئیسلامیەوە. ئەگەر لە سەرەتاوە مەترسیەکانی ئەم سیاسەتە بە فریو و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی فیدرالیزم دادەپۆشرا. بەڵام ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتۆن پەردەی لە سەر ڕاستیەکان هەڵماڵی.

چ ڕاسپاردەکانی بەیکەر-هاملتۆن جێبەجێ بکرێن یان نەکرێن، ئەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە کە موراهەنە کردن لەسەر سەرکەوتنی ئەمریکا خەڵکی کوردستان بەرەوە کارەسات دەبات. ئەمریکا لە عیراقدا تووشی فەشەل هاتووەو فەشەلی ئەمریکا ناکامیەکی گەورەی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستانە. بێگومان وەک هەمێشە ڕوویداوە، ئەوە هەر خەڵکی کوردستانە کە دەبێت باجی شکست و ناکامی ئەم حزبانە بدات.

بەڵام دووبارە بوونەوەی مەینەتیەکانی ڕابردوو حەتمی نییە. ریگایەکی تر، ئەلتەرناتیڤێکی تر مومکینە. خەڵکی کوردستان مافیانە کە بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسیان پرسیان پێ بکرێت. بەرپاکردنی جووڵانەوەیەکی جەماوەری بۆ خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کردەنیە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەباتکارێکی ئەم مەیدانەیە.

لە ڕۆژەکانی هەینی و شەممە 5 و 6 ی جەنیوەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بە بەشداری ئازادیخوازان و خوازیارانی ریفراندۆم یەکەمین خۆپیشاندانی سەرتاسەری بۆ خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ساز دەکات. بەرپا کردنی میتینگ و خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە سلێمانی و کەرکوکەوە بۆ کەندا، بەریتانیا، سوید، نەرویج، فنلاندا، هۆلەندا، سویسرا و کەنەدا و ووڵاتانی تریش ڕاگەیاندنی سەرەتای جووڵانەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە.

جەماوەری ئازادیخواز،

**بەم جووڵانەوەیەوە پەیوەست بن. لە پێناوی بەرگرتن بە کارەساتێکی تر وەرنە مەیدان، لە پێناوی ڕزگار بوونی یەکجارەکی لە دەست ستەم و هەڵاواردن، بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهاتوویەکی ڕوون و پرشنگدار، بۆ بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی جەماوەری کوردستان لەسەر ئایندەی خۆی با پێکەوە لە ژێر دروشمی: بەڵی بۆ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کۆ ببینەوە.**

## کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستان و کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

03-01-2007

**کات و شوێنی خۆپیشاندانەکان**

*** کەرکوک، شەممە 6-1 سەعات 3 پاش نیوەڕۆ لە شۆرجە.**

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ڕەمەزان سابیر، تەلەفۆن: 07701549800**

*** سلێمانی، شەممە 6-1 سەعات 3 بەردەرکی سەرا**

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە زمناکۆ عەزیز، تەلەفۆن: 07701521852**

*** بەریتانیا، لەندەن: ڕۆژی هەینی، 5-1-2007 سەعات 12-2 ی پاش نیوەڕۆ، بەرامبەر سەفارەتی ئەمریکا،**

بۆ زانیاری زیاتر و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەکەوە تکایە پەیوەندی بکەن بەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:

پرشنگ ئەحمەد :07894252708 ، prshng@aol.com دەشتی جەمال:07856032991 d.jamal@ntlworld.com

نوری بەشیر : 07960669896 n.bashir3@ukonline.co.uk

---

*** سوید، ستۆکهۆلم : ڕۆژی هەینی، 5-1-2007 ، سەعات 13-15 لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

**جەمال ئەیوب: تەلەفۆن** 0737799476، **ئی-مەیل:** jamalayob@yahoo.com

**یۆتۆبۆری: ڕۆژی هەینی، 5-1-2007 ، سەعات 15 لە سەنتەرەی شار لە برونسپارکن.**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

**کاروان لەتیف : تەلەفۆن** 0704853105، **ئی-مەیل:** karwanlatif@yahoo.se

---

**نەرویج، ئۆسلۆ : ڕۆژی شەممە، 6-1-2007 سەعات 1ی پاش نیوەڕۆ، بەرامبەر سەفارەتی ئەمریکا.**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

**جەمال موحسن: تەلەفۆن** 47276028، **ئی-مەیل:** jmuhsin@yahoo.com

---

**سویسرا، بێرن :** **ڕۆژی شەممە،** 6-1-2007 **سەعات** 14-16

**لە هیلڤەتیاپلاتز بە ڕێپیوان بەرەو بەردەم سەفارەتی ئەمریکا.**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

**نەبەز سەلیم: تەلەفۆن** 004188130191، **ئی-مەیل:** nabazselim@yahoo.com

**ئاسۆ جەبار: تەلەفۆن** 0041788825589 ، **ئی-مەیل** : asojabbar@yahoo.com

---

**فنلەندا، هلسینکی: ڕۆژی هەینی،** 5-1-2006 **سەعات** 14

**لەبەردەم ( ستۆکمان)** kolmen sepä**npatsaa** **بە ڕێپێوان بەرەو سەفارەتی ئەمریکا.**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

**مستەفا باهر**0445010754، **جمال صالح** 0405225044 ، **ئالا فرج** 0405453089

**سیروان امین** 0409120599

---

**هۆلەندا، دانهاخ** **ڕۆژی هەینی،** 2007\1\5 **سەعات** 14:00-16:00

**شوێن: لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە شاری دەنهاغ**

**کۆبوونەوە لەبەردەم سەنترال ستاشیۆن کاتژمێر** 13:00-14:00 **پاشان بەڕێپێوان دەچینە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا.**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

محمد غەفور، تەلەفۆن : 0613067328، ئی-مەیل: mgafor@yahoo.com

---

**کەنەدا، تۆرنتۆ ، ڕۆژی شەممە، 6-1-2007، سەعات 12-2ی پاش نیوەڕۆ لە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا**

بۆ زانیاری و پەیوەست بوون بە خۆپیشاندانەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل ئەدرەسەوە بکەن:

عادل ئەحمەد، تەلەفۆن: 0014168773577